ڕێنیسانس

فیلیپ ڤان نێس
لە ئینگلیزیەوە: ئاسۆ خالید
(سلێمانی)

(٢ - ٢)

هاوبەشەکانی مەعریفەی نوێ «دروستکردنی کتێبخانەکان»

ئـەم کۆپیکـردن و کۆکردنـەوەی دەستنووسـە کۆنـەکان لـە ڕووی کات و کارەوە زۆری تـێ چوو، بەڵام زۆر هۆ هەبوون بۆ هاندانی کاری زیاتـر، میـرە بازرگانـەکان و دکتاتـۆرەکان و پاپـاکان بـوون بـە هاوبەشـی بەخشـندەی وەک هیومانیسـتەکان.

لەو کەسە دەرکەوتووانەی هاندەرانی مەعریفەی نوێ کەسی وەک کۆزیمۆ و لۆرێنۆد و مێدیچی لـە فلۆرەنسا بوون.

ئـەوە بـە هـۆی ڕەسـەنایەتی و ڕۆشـنبیری ئەوانـەوە بـوو سـەبارەت بەدەسـتپێکردن بـۆ گەڕانـەوەی ئەوکارانـە کـە کولتـوور و ئەدەبـی کلاسـیکی کـۆن وای کـرد فلۆرەنسـا ببێتـە ماڵـی زیندووکردنـەوەی ئـەدەب و ڕۆشـنبیری.

لەنێـو ئـەو پاپایانـەی کـە پشـتگیری ئـەو کارانـەی بزووتنەوەکەیـان دەکـرد، پاپا نیکۆلاسـی پێنجەم بـوو (١٤٤٥ - ١٤٤٧) کـە زۆر دیاربـوو، ئـەو خەڵکـی نـارد بـۆ بەشـەکانی تـری ڕۆژئـاوا بـۆ گـەڕان بەدوای دەستنووسـەکاندا، خەڵکانێکی وەک کۆپیکـەرەکان و وەرگێڕەکانـی تـەواو سـەرقاڵ کـرد. کەمێـک دوای ئەویـش پاپـا یۆلیـۆس (١٥٠٣ - ١٥١٣) و پاپـا لیـۆ (١٥١٣-١٥٢١) ڕۆمـای کـرد بـە سـەنتەری درەوشـاوەی

دانتێ

هونـەرو مەعریفـەی ڕێنیسـانس.
کتێبخانەکان دروست کران و گەنجینەکان دەکرا بەسـەلامەتی بپارێزرێـن و دەسـتی سـکۆلارەکانیان پـێ بـگات. لـەم بزووتنەوەیـەدا گەورەتریـن کتێبخانەکانی ئیتاڵیا دروست کران، لـە فلۆرەنسا مێدیچی کتێبخانـەی Medicean دروست کـرد.
لـە ڕۆمـا پاپا سیکۆلاس کتێبـە کۆکراوەکانی پاپای بـە پێنـج هـەزار دەسـتنووس دەوڵەمەندکرد و بـەم جۆرە بـووە یەکـەم دامەزرێنـەری کتێبخانـەی ئێسـتای ڤاتیکان.

چۆن کەوتنی کۆنستانتینۆپل یارمەتی زیندووکردنەوەی دا

بزووتنـەوە هیومانیسـتییەکە، تـا ئـەو ڕادەیـەی کـە سـەبارەت بەنامـە و مەعریفـەی یۆنانـی بێت، لـە سـەدەی پێنجەمینـدا بەهـۆی دارمانـی ئیمپراتۆریەتـی خۆرهـەڵات کاری تێکـرا. کۆنسـتانتینۆپل لەلایـەن تورکـە عوسـمانییەکانەوە لـە سـاڵی ١٤٥٣دا داگیرکـرا، بـەڵام بـۆ مـاوەی نیـو سـەدەی بـەر لـە ڕووداوەکـە ئـەو هەڕەشـەیەی دەهاتەپێش کـە بەربەرییـەکان دروسـتیان کردبـوو، کۆچـی بـە کۆمەڵـی سـکۆلارە یۆنانییەکانـی بـەدوادا هـات بـۆ ڕۆژئـاوا، زۆریـان لـە مەنفـادا پەنایـان بـۆ ئیتاڵیـا بـرد کـە دەکرێت بڵێیـن یۆنـان نەکـەوت، بەڵکـوو کۆچـی کـرد بـۆ ئیتاڵیـا کـە لـە سـەردەمی کۆنـدا پێیـان دەوت Magna Graecia.

ئـەم ڕاکردووانـە لەگـەڵ خۆیـان دەستنووسـی پڕ بەهـای کارە یۆنانییـە کلاسـیکییە دێرینـەی هێنـا کـە هێشـتا سـکۆلارە ڕۆژئاواییـەکان نەیاندیبـوو ئـەو پەرۆشـییەی ئیتاڵییـەکان بـۆ هەرشـتێکی یۆنانـی وای کـرد کـە زۆر لـە ڕاکردووە یۆنانییـەکان وەک مامۆسـتا و وانەبێژ لـە قوتابخانـە و زانکۆکانیانـدا دابمەزرێـن. بـەم چەشـنە دووبارەکردنـەوەی ئـەوە هەبـوو کـە لـە ڕۆژانـی کۆمـاری دواییـنەدا لـە ڕۆمـا ڕووی دا، ئیتاڵیـا بـۆ جـاری دووەم لەلایـەن بلیمەتـی یۆنانییـەوە داگیرکـرا.

وەرگێڕان و ڕەخنەگرتن لە کارە کلاسیکییەکان
دۆزینـەوەی کارە کلاسـیکییە کۆنـەکان و زیاترکردنیـان لەلایـەن کۆپیکەرانـەوە و پاراسـتنیان لـە کتێبخانەکانـدا بـە تەنیا یەکەمین و ئاسـانترین بەشـی ئەرکەکـە بـوون کـە هیومانیسـتە ئیتاڵییـەکان جێبەجێیـان کـرد. سـەختترین و گرنگتریـن بەشـی کارەکەیـان لەنـاو بەراوردکردن و ڕاسـتکردنەوەی دەقەکان بـوو وەک وەرگێڕانـی دەسـتنووسـە یۆنانییـەکان بـۆ لاتیـن و لێکدانـەوەو ڕەخنەگرتـن لـەو کارە ئەدەبییـە کۆنانـەی کـە دۆزرابوونـەوە.

یەکێک لەناو ئـەو سـکۆلارە ئیتاڵیانـە کـە خۆی بـۆ کارە کۆنـەکان تەرخانکردبـوو، پۆڵینیشـن بـوو

(١٤٥٤-١٤٩٤) پیاوێک کە مەعریفەیەکی دیاری هەبوو، نزیکەی هەموو هیومانیستە ئەورووپییەکان لە سەردەمی ئەودا و لەنەوەی دواییشدا لەناو ژووری وانە خوێندنەکانی ئەودا سرووشیان وەرگرتبوو. (ناوێکی تری ئەو پیاوە دەرکەوتووە کە وابەستەی سکۆلارەکانی سەدەی پازدەم بوو، پیکۆ دێلا میراندۆلا بوو (١٤٦٣-١٤٩٤) کە پیاوێک بوو عەقڵێکی گەورەی هەبوو، ئەو ئەرکە تایبەتەی کە پیکۆ بۆ خۆی دانابوو، گونجاندنی مەسیحیەت بوو لەگەڵ مەعریفەی نوێ، ئەرکێک وەک ئەوەی سکۆلارەکانی ئێستا کە هەوڵ دەدەن ئینجیل لەگەڵ زانستی مۆدێرندا ئاشت کەنەوە.

داهێنانی چاپکردن

لە کۆتایی سەدەی پازدەمدا کاری هیومانیستە ئیتاڵییەکان لەلایەن داهێنانی هونەری چاپکردنی نامەکان پەرەی پێ درا کە گرنگترین دۆزینەوە بوو لەهەڵسەنگاندنی (هالام) کە لەنێو مێژووی مرۆڤایەتیدا تۆمار کرابێت. دروستکردنی چاپەکان لە ڕێی لەسەر هەڵکۆڵین و مۆرکردن کارێکی کۆنە بەقەد شارستانیەتەکان. چینییەکان لە مێژەوە ئەم کارەی چاپکردنەیان کردووە. ئەم هونەرە بە شێوەیەکی سەربەخۆ لە ئەورووپا سەری هەڵدا لەکۆتایی چاخەکانی ناوەڕاستدا. یەکەم جار ئەم شێوازی چاپکردنە بە بەکارهێنانی مۆر لەسەر کارتی یاریکردن دروست کرا ، پاشان دەستنووسەکانیش بەپۆرترێت و وێنە مۆرکران.

هەنگاوی دوایی ئەوە بوو کە چەند دێڕێکی دەقە لێکدراوەکان لەسەر مۆرەکان هەڵکۆڵرێت. بەتێپەڕبوونی کات دێڕەکان بوون بەلاپەڕەکان و لەنیوەی یەکەمی سەدەی پازدەمدا تەواوی کتێبەکان بەم شێوازەی چاپکردن چاپ کران.

بەڵام چاپکردن بەم شێوازە هێواش بوو زۆریشی تێ دەچوو. هونەرەکە لەلایەن جۆن گوتنبێرگەوە (١٤٠٠-١٤٦٨) کە خەڵکی مەینز بوو لەئەڵمانیا کرا بە شۆڕش، بەهۆی داهێنانی پیتی جووڵاوەوە کە ئێمە پێی دەڵێن تایپ. هەندێک لە نووسەرە ئەڵمانییەکان دەڵێن شەرەفی ئەو داهێنانە کۆستەری هارلێم بوو، بەڵام ئەمە جێگەی متمانە نەبوو. کۆنترین کتێب کە چاپکرا بەهۆی پیتی جوڵانەوەوە کۆپییەکی لاتینی ئینجیل بوو لەلایەن دەزگای گوتنبێرگ و فاوستەوە لەشاری مەینز لەساڵانی ١٤٥٤ تا ١٤٥٦. هونەرەکە بە خێرایی بڵاوبووەوە و بەر لەکۆتایی سەدەی پازدەم دەزگای چاپ کردن لە هەموو وڵاتانی ئەورووپادا هەبوو. بە تەنیا لەشاری ڤێنیسیا دووسەد کتێب چاپ کرا بەخێراییەک کە کۆپیکەرانی ناو کڵێساکان خەویان پێوە نەبینیبوو.

دەزگای چاپی ئالدین لە شاری ڤێنیسیا

ئەو شتەی ئێمە لێرەدا کە ئێستا گرنگی پێ دەدەین بە تەنیا چوونی هونەرەکە بۆ ئیتاڵیایە. ئەو ماوە کەمەی کە هەمانە باس لەناوی ئاڵدۆس مانۆتیۆس (١٤٥٠-١٥١٥) دەکەین کە لەشاری ڤێنیسیا چاپخانەیەکی بەناوبانگی دروست کرد بەناوی دەزگای چاپی ئالدین کە چیرۆکەکەی یەکێک لە پێشەنگترین و سەرنجڕاکێشترین بەشی مێژووی هونەرەکە لە پەیوەست بوونیدا بە هیومانیزمەوە پێک دەهێنێت.

لە ماوەی چەند ساڵێکی کەمدا، ئالدۆس زنجیرەی تەواوی کتێبێکی نووسەرە یۆنانییەکانی بە سکۆلارە ئەورووپییەکان بەخشی. لەپاڵ ئەم

چاپانەدا دەقی لاتینی و هیبرۆیشی دەرکرد، بەگشتی زیاتر لە سەد کاری چاپ کرد، لە ڕووی کوالیتی لاپەڕە و تایپی ڕوون و جوانی چاپەکانی پێشەنگ بوو.

کارەکانی دەزگای چاپی ئاڵدۆس لە شاری ڤێنیسیا لەگەڵ دەزگای چاپەکانی تردا کە کەمتر بەناوبانگ بوون تەواوی ئەدەبی کلاسیکی زیندووکردەوە، بەهۆی بڵاوکردنەوەشیان لە ئەورووپادا کارەکانی نووسەرە کۆنەکان ئیتر مەحاڵ بوو هیچ بەشێکیان لەجیهان ون بێت.

هیومانیزم چیای ئەڵپی بڕی

هەرزوو لە ناوەڕاستی سەدەی پازدەمدا گەنجە ئەڵمانییەکان چیای ئەلپیان بڕی تا بچن لە یۆنان لەژێر چاودێری مامۆستای ئەوێدا بخوێنن. نوێنەری ئەو گەنجە ئەڵمانی یە هیومانیزمانە ناوی ڕیوجین بوو کە لەساڵی (١٤٨٢) چوو بوو بۆ ئیتاڵیا تا لەوێ خۆی بە مامۆستایەکی بەناوبانگی یۆنانی بناسێنێ. وەک تاقیکردنەوەیەک بۆ توانایی زمان زانین ئەو داوایەی لێ کرا کە باسیجێک لە کتێبێکی سوسیدیلادز وەرگێڕێت، «بەربەری» گەنج کە ئەم دەستەواژەیە ئیتاڵییەکان پێیان دەگوتن لە ڕقی خۆیانەوە لە باوانی نیشتەجێی باکوور. دێڕەکانی بە ئاسانی و جوانی وەرگێڕا ئەوەی تاقیکردنەوەکەی پێ کرد کە یۆنانی بوو بە ڕەچەڵەک لە سەرسوڕماندا هاواری کرد و وتی «یۆنانی مەنفا فڕیبووە ئەودیو چیای ئەڵپ»ـەوە.

لە ئەورووپای باکوور بزووتنەوەی هیومانیستی تێکەڵ بەمەیلی تر بوو، خۆتەرخانکردن هەبوو لە ئیتاڵیا بۆ نامە و مەعریفەی یۆنانی و لاتینی، لە باکووریش ئەو پەرۆشییە هەبوو، هاوشانی پەرۆشی بۆ کولتووری کلاسیکی، بەتایبەتیش بۆ کارە دێرینەکانی هیبرۆ و مەسیحیەت. بەم چەشنەش زیندووکردنەوەی ئەدەبی و ڕۆشنبیری بە واتا فراوانەکەی بووە هۆی جووڵاندنی شۆڕشی ئایینییە گەورەکە کە بە ڕیفۆرمەیشن (چاکسازی) ناوی دەرکرد و ئەوەش لە پێوەندیدایە بەسەرەتاکانی ئەم بزووتنەوەیە کە خاڵێک دەدۆزینەوە بۆ قسەکردن لەسەر هیومانیستەکانی ئەڵمانیا و وڵاتەکانی تری باکوور.

زیندووبوونەوەی هونەریانە

وەک لەپێشدا بینیمان هەستی نوێ بۆ دێرینە و کلاسیک کە لەناو ئیتاڵییەکان وەئاگاهات بە تەنیا باوەشی بۆ لایەنی ئەدەبی و فەلسەفی کولتووری یۆنان - ڕۆمان نەگرتەوە، بەڵکوو بۆ لایەنی هونەریش هەروا بوو. بە لێکدانەوەی ئەم قۆناغەی دوای ڕێنیسانسی ئیتاڵی کارێکی مەحاڵە بۆمان کە بەدوورودرێژی قسەی لەسەر بکەین، یان پێویست ناکات قسەی لەسەر بکەین، چونکە گرنگیی سەرەکی ڕێنیسانس بۆ مێژووی جیهان، وەک لەپێشدا تێبینی کرا، دەبێت وەک بزووتنەوەیەکی ڕۆشنبیری پەتی دیراسە بکرێت کە لە لاپەڕەکانی داهاتووی ئەم بەشەدا باس دەکرێت.

زیندووبوونەوەی هونەری لە جەوهەردا گەڕانەوەی هونەر بوو بۆ سروشت، چونکە هونەری چاخەکانی ناوەڕاست خاڵی بوو لە ئازادی و سروشتی. هونەرمەند بێ دەسەڵات کرابوو بەهۆی ترادیسۆن و سنووردارکردنەکانی کڵێسا، هەروەها لەژێر کاریگەری زوهدی ئایینی سەردەمی خۆیدا بوو. مۆدیلەکانی هونەرەکانی فۆرمە بیزەنتینییە

نازینـدووە گۆشەسـاز و بـێ جووڵـەکان بـوو، یـان جەسـتەی لـەڕولاوازی قەشـە و پیـاوە ئایینیـەکان بوو. ئازادی لەکاتی دیکۆر دروستکردن بۆ دیوار و دەرگا و ئەڵتـاری کڵێسـاکان نەبـوو، تەنانـەت ئەگـەر ئارەزووشـی هەبوایـە جـۆرە ترادیسـۆنییە پیـرۆزەکان جـێ بهێڵێـت.

(لە کڵێسای یۆنانی ئێستا، هونەرمەند ڕێگەی پـێ نـەدراوە لەکاتـی دروسـتکردنی پۆترێتـی بابەتـە پیرۆزەکانـدا دەربڕینـی ترادیسـیۆنی، یـان هەڵوێسـتی مۆدیلەکانـی بگۆڕێـت).

ئێسـتا ئـەوەی ڕێنیسـانس بـۆ هونـەر کـردی ئازادکردنـی بـوو لـە سـنووردارکردن بـۆ ئـەوەی ڕوح بـکات بەبـەری فۆرمـە مردووەکانـی کـە ژیانێکـی نوێیـە و وەئاگاهێنـەرەوە بێـت لـە هەمـوو شـوێنێک. ئـەم بزووتنـەوە سەربەسـتە دروسـت بـوو بـە شـێوەیەکی گشـتی لەژێـر ئارەزوویـەک کـە لـە دیراسـەی شـاکارەکانی هونـەری دێرینـەوە سـەرچاوەی گرتبـوو.

بـەم چەشـنە کارە کلاسـیکییە دێرینـەکان هەمـان کاریگەرییـان لەسـەر ئازادکـردن و زیندووکردنـەوەی هونـەر وەک هەبـوو، ئـەوەی بـۆ ئازادکـردن و زیندووکردنـەوەی نامـەکان کـردی. لەنـاو لیسـتی نـاوی پەیکەرسـازە ئیتاڵییـەکان ئـەم هونەرمەندانـە شایسـتەی ناوهێنانـن: گێبرتـی (١٣٧٨ - ١٤٥٥) کـە بلیمەتییەکـەی پیشـان دراوە لـە دروسـتکردنی دەرگا برۆنزیانـەی جێگای تەعمیـدان لـە شـاری فلۆرەنسـا کـە مایـکڵ ئەنجیلـۆ وتوویەتـی ئـەو دەرگایانـە شایسـتەی ئـەوەن دەرگای بەهەشـت بـن، برونلێچـی (١٣٧٧ - ١٤٤٤)، دۆناتیلـۆ (١٣٨٦ - ١٤٦٦) مایـکڵ ئەنجیلـۆ (١٤٧٥ - ١٥٦٤).

وێنەکێشان هونەری باڵای ڕێنیسانسی ئیتاڵی بوو

ئـەم بیروبۆچوونانـەی کـە لـەم پەرەگرافـەدا باس کـراون قسـەی سـایموندز لەنـاو کتێبـی هونـەرە جوانەکانـدا کـە سـێیەمین بەرگـی سـەبارەت بـە ڕێنیسـانس لەئیتاڵیایـە. وێنەکێشـان کارەکتـەری هونـەری ڕێنیسانسـی ئیتاڵـی بـوو، ئەویـش لەبـەر ئەوەی کە بەباشـترین شـێوە ئایدیا و هەسـتەکانی مەسیحییەت دەردەبڕێت. ئـەو هونـەرەی کـە هی دەسـتی کڵێسـا بێـت و دەبێـت نوێنەرایەتـی بـاوەڕ و هیـوا و نەشـئە و ئازارچەشـتن بـکات، چونکـە هیـچ کام لەمانـە ناکرێـت بـە باشـی بـە هـۆی پەیکـەرەوە دەربڕێـت کـە هونـەری دەربڕینـە.

پەیکەرسازی سەرەکیترین هونەری یۆنانییەکان بـوو، چونکـە ئامانجـی هونەرمەنـد لای ئـەوان دەربڕینـی جوانـی و هێـزی فیزیکـی بـوو، بـەڵام گرفتـی هونەرمەنـدی مەسـیحی ئەوەیـە کـە بـە هـۆی نێوەندگیـری جەسـتەوە هەسـت و سـۆز دەربڕێـت، ئەمـەش ناکرێـت لـە ڕێـی مەرمـەڕی بـێ ڕەنـگ و ساردوسـڕەوە بکرێـت. بـەم چەشـنە وەک سـایمۆندز پرسـیار دەکات «چـۆن دەبێـت ڕۆژی قیامـەت لـە ڕێـی وێنەکێشـانەوە بکرێـت؟». ڕووداوە سـەرەکییەکانی ژیانـی مەسـیح بەدروسـتکردنی پەیکـەر بـاس ناکرێـت.

لەبـەر ئـەوەی پەیکـەر هێـزی کەمـی هەیـە دەربـڕی سـۆز بێـت، بـەڵام وێنەکێشـان کـە بـە ئاسـانی دەربـڕی هەسـت دەبێـت، ئیتـر بـووە ناوەنـدی دەربڕیـن لای هونەرمەنـدە ئیتاڵییـەکان. ئـەم هونـەرە توانایـی پێـدان تـا وێنـەی نەشـئەی پیـاوە پیـرۆزەکان و جوانـی شـیرینی مادۆنـا و باوەڕی قووڵی مەسیح، هەروەها ترسی جووڵاوی ڕۆژی دوایـی دەربڕێـت.

چوار کەسە گرنگەکە: بابەتی تێکەڵاو لە مەسیحیەت و کارە کلاسیکییەکان

ئەو چوار کەسە گرنگە ئیتاڵییەی هونەری ڕێنیسانس لیۆناردۆ داڤنشی (١٤٥٢-١٥١٩)، (داڤینشی فرە لایەنی و فرە بەهرەمەندییە، منداڵێکی ڕاستەقینەی ڕێنیسانسی ئیتاڵی بوو، ئەو بە جارێک وێنەکێش و پەیکەرساز و ئەندازیار و شاعیر و موزیکژەن و زانا بوو) شاکارەکانی کە سەماکاری شارەزایە لەسەر دیواری کڵێسا کە لە شاری میلاندا. ڕافایل (١٤٨٣-١٥٢٠) خۆشەویستترین لەناو هونەرمەنداندا کە مادۆناکانی دادەنرێت بە گەنجینەکانی جیهان. مایکڵ ئەنجیلۆ (١٤٧٥-١٥٦٤) (ئەنجیلۆ وەک وێنەکێشێ، من بینیم، میعماری بوو، پەیکەرسازێک و وێنەکێشێک بوو، پەیکەری (درۆ)ی کە تاکە پەیکەرسازی مۆدێرنە کە دەکرێت جێگەیەکی لەگەڵ پەیکەرسازە گەورەکانی یۆنانی کۆن پێ بدرێت) باشترین وێنە ڕەنگاوڕەنگەکانی لەنێویاندا وێنەی ڕۆژی دوایی لە کڵێسای سابستین لە ڕۆمایە. تیتیان (١٤٧٧ - ١٥٧٦) بەناوبانگە بە پۆرترێتەکانی کە بۆ ئێمە پارێزراوە، وەک دەڵێن لەخوێن و گۆشت، یەکێ بوو لەپیاوە هەرە بەناوبانگەکانی سەردەمی خۆی (هەروەها لەناو لیستی وێنەکێشە ئیتاڵییە دەرکەوتووەکان ئەمانەن: سیما بوو (١٢٤٠ - ١٣٠٢) و گیۆتۆ (١٢٧٥ - ١٣٣٧) و دەست پێشخەری زیندووکردنەوەکەن. ئێرا ئەنجێلیکۆ (١٣٨٧ - ١٤٥٥) کۆریجۆ (١٤٩٤ - ١٥٣٤) تینتۆرێتۆ (١٥١٨ - ١٥٩٤) و ڤێرۆنیس (١٥٣٠ - ١٥٨٨) نوێنەری ڕێنیسانسن.

وێنەکێشە ئیتاڵییە سەرەتاییەکان بابەتی وێنەکانیان ڕووی تەلارەکان و بینا حکوومییەکانی لە ئیتاڵیا داپۆشی بەوێنەی ئەو هەموو ئایدیا و خەیاڵانەی چاخەکانی ناوەڕاست وەک ئایدیای مەرگ و قیامەت و بەهەشت و دۆزەخ. وەک سایمۆند دەری دەبڕێت و دەڵێت ئەوەی دانتێ لەڕێی شیعرەوە کردی، ئەمان لە ڕێی وێنەوە کردیان.

هونەرمەندەکانی دوایی کە زیاتر لەژێر کاریگەری زیندووکردنەوەی کارە کلاسیکییەکاندا بوون بابەت و پاڵنەری پاگانی و مەسیحییەتیان ئازادانە تێکەڵ کرد و بەم چەشنە بوونە نوێنەری ڕاستەقینەی بزووتنەوەی ڕێنیسانس زیاتر لەوانەی پێش خۆیان کە بابەتێکی گرنگ بوو لە ئاشتکردنەوە و تێکەڵاوکردنی کولتووری پاگانی و مەسیحییەت.

پاکانیزمی ڕێنیسانسی ئیتاڵی

لایەنێکی ئەخلاقی و ئایینی، یان وەک هەمیشە پێی گوتراوە لایەنێکی نا ئەخلاقی و نا ئایینی زیندووکردنەوەی کارە کلاسیکییەکان لە ئیتاڵیا هەبوو، کە ناکرێت هەمووی ،بێ لەوەی ببێتە جێی سەرنج لێدان باس بکرێت، تەنانەت ئەگەر لەم بابەتە کورتەی ئێستادا سەبارەت بە مێژووی بزووتنەوەکە.

لە سەرەتادا دیراسەکردنی شاعیر و فەیلەسووفە پاگانییەکان هەمان ئەنجامی بەدەستەوەدا کە لەلایەن لایەنێکی دیاریکراوەوە پێشبینی کرابوو و لە کڵێسا سەلمێنرا کە بریندارکەری باوەڕی ئایینییە. مرۆڤەکان لە ڕووی شێوازی بیرکردنەوە و هەستکردنەوە بوونە پاگانی. سکۆلار و کۆمەڵگەی ئیتاڵی ئیتر لە مەسیحی بوون کەوتن بە هەر مانایەکی ڕاستەقینەی وشەکە. لەگەڵ مەعریفەی نوێدا ئەو نەنگی و نائەخلاقیەتانە هاتن کە وەسفکەری داڕمانی شارستانی کلاسیک بوون. ئیتاڵیا

گەندەڵ بوو بەهۆی ئەو کاریگەرییە نوێیەوە کە بەسەریدا باری، هەروەک چۆن ڕۆما گەندەڵ بوو بەهۆی ڕەفاهیەت و ئارەزووبازی یۆنانییەکانەوە لە ڕۆژانی داڕمانی کۆماردا، بابەتە ئەدەبییەکانی ئەو سەردەمە لەتۆندا زۆر زیاتر لە ئەدەبی داڕماوی کلاسیکی نائەخلاقی بوون.

کاریگەرییە گشتییەکانی ڕێنیسانس

ڕێنیسانس چەمکی نوێی بۆ ژیان و جیهان هێنا. ڕێنیسانس کاری کردە سەر ڕۆژئاوای مەسیحی و شۆڕشی ڕۆشنبیری و ئەخلاقی دروست کرد، کە زۆر گرنگ و زۆر فراوان بوون، ئاکام کە دەشێت بەو کاریگەرییە بەراورد بکرێت کە مەسیحییەت کردییە سەر جیهانی کۆن. مەعریفەی نوێ لە ڕاستییەکەی کتێبی پیرۆزی نوێ بوو، وەک مەسیحییەتیش ڕێنیسانس جیهانێکی تری بۆ مرۆڤ ئاشکرا کرد و حاڵەتێکی تری بوونی ئاشکراکرد، چونکە ئەوە بوو گرنگیی ڕاستەقینەی بۆ پیاوان زیندووکردەوە کە ئەویش دۆزینەوەی شارستانیەتی کلاسیکی دێرین بوو. لەم دۆزینەوەیەدا فێربوون کە ئەم ژیانەی سەر زەوی شیاوی ژیاندنە خۆی لەپێناو خۆیدا، کە ئەم ژیانە و چێژەکانی نابێت مەحکووم بکرێن و بکرێنە قوربانی تا لە ژیانی هەتاهەتایی جیهانەکەی تر دڵنیابن، هەروەها کە مرۆڤ ڕەنگە بیربکاتەوە و لێکۆڵینەوە بکات و تینوێتی خۆی بشکێنێ تا تێ بگات و بزانێت بەبێ ئەوە حاڵەتی باشی ڕوحی خۆی بخاتە ژێر مەترسییەوە.

تامەزرۆ بوون و ترسە خورافییەکانی مرۆڤ لە سەردەمی گۆڕان لە نێوان ڕۆژگاری سەدەکانی ناوەڕاست بۆ ڕۆژگاری مۆدێرنە زۆر بە باشی لە ترادیسیۆنی (دوکتۆر فاوست)دا بەرجەستە کراوە. سایمۆندز دەڵێت ئەو ئەفسانەیە پێمان دەڵێت لەبارەی ئەوەی کە چۆن مرۆڤ لە سەرەتای زیندووکردنەوەکەدا تامەزرۆی بوو ئەوەشی لێی دەترسان کاتێک بیریان لە ڕابوردوو دەکردەوە. نهێنی چێژوەرگرتن و سەرچاوەی بەهێزی کە دێرینە هەیبوو فریوی دان، بەڵام ئەوان باوەڕیان وابوو کە بە تەنیا کاتێک دەتوانن ئەم گەنجینەیە بگەڕێننەوە کە ڕوح بکوژن، لەبەر ئەوە فریودانەکە گەورە بوو کاتێک فاوست نرخەکەی دا. پاش هەڵلووشینی هەموو مەعریفەی سەردەمەکە، خۆی بەشەیتان فرۆشت تا تینوێتی بۆ ئەزموون بشکێت و دەستەڵاتی بەسەر جیهاندا بەهێز بێت و چالاکییە بێزارکەرەکانی چێژبەخش بن. یەکەم بەکارهێنانی دەستەڵاتی کراوەی ئەوە بوو کە هۆمەری کوێر وا لێ بکات گۆرانی بۆ بڵێت. نایفیۆن گیتارەکەی دەسازان لە کۆنسێرتەکەی میفیسیتۆ فیلس، ئەلێکساندەرد لەگۆڕ دەرچوو لەسەر فەرمانی ئەو بەهەموو سوپاکەیەوە هێلینشیان وەک بووک پێی دەدا، بۆیە فاوست لە چاخەکانی ناوەڕاستدا گێڕەوەی تامەزرۆییە ناتەواوەکانی ڕوح بوو، هەروەها سروشتی بەسۆزی و ئارەزووی ویژدان پەرستی و فزوڵی نەبراوەی بوو لەنێو سنوورە قایمەکانی مەعریفەی ناتەواو و دۆگماتیزمی ناعەقڵانیدا.

ئەم دۆزینەوانەی کە مرۆڤی ڕێنیسانس پێی گەیشت پاڵنەرێکی فراوان بوو بۆ پێشکەوتنی ڕەگەزی مرۆڤ. بە ڕوحێکی تازەوە سرووشیان بەخشییە مرۆڤایەتی، ڕوحێک کە موقەدەر بوو بۆی کە هەموو شتەکان نوێ بکاتەوە

لە هەموو بوارەکاندا، لە مەملەکەتی ئایین و سیاسەت و ئەدەب و هونەر و زانست و داهێنان و پیشەسازیدا.

یەکێتیی هەڵوەشاوەی مێژووی گەڕاندەوە

کاتێک مەسیحیەت چووە ناو جیهانی یۆنان - ڕۆمانی کۆن یەکسەر شەڕی خۆی لەنێو ئایینی نوێ و کولتووری کلاسیکی بەتایبەتی لەنێوان ئەو و هێلینیزمدا بەیان کرد. هەرزوو کڵێسا بەسەر پاگانیزمدا سەرکەوت و دێرینەی ڕەت کردەوە. هەندێک لە ڕەگەزەکانی ئەم میراتییە، ڕاستە، بەشیاوکران لەلایەن مرۆڤی سەدەکانی ناوەڕاست و بەم چەشنەش کولتووری نوێی مەسیحییەتی دەوڵەمەند کرد، بەڵام وەک گشت وەلاوە نرا، وەک پاگان فەرامۆش کرا، بەمەش یەکێتیی مێژوویی پەرەسەندن شکێنرا.

ئێستا لەنێو مەیلە لیبراڵەکان و حەماسەتی جوانی ڕێنیسانسدا ئاشت بوونەوە لەنێوان مەسیحییەت و شارستانی کلاسیکیدا ڕووی دا، لەوێدا پێکەوەلکانی جۆرەکان و ڕەگەزەکانیان ڕووی دا، یەکێتی لێکترازاوی مێژوویی گەڕایەوە، ماوەی نێوان جیهانی کۆن و مۆدێرن داخرا، لقە شکێنراوەکە بەدرەختە کۆنەکەوە لکێنرایەوە.

گرنگی ئەم گەڕانەوەیەی یەکێتی لێکترازاو بۆ مێژووی گەردوونی ئەوەیە، لەلایەن سەدەی مۆدێرن بۆ فەرامۆشکردنی دوورودرێژی کولتووری دێرینە کە زۆر بەدەگمەن دەکرێت لەخۆی زیاتر هەڵسەنگێنرێت، چونکە ئەو کولتوورە لەوەی کە لەخۆی گرتبوو تەنیا باشترین بیرکردنەوە و ڕەگەزی مرۆڤ نەبوو، یان ئەوەی کە هەستی پێ دەکرد لە ماوەی بەرزترین دەستەڵاتیدا، بەڵکوو ئەو کۆگا زانستییە پڕ بەهایانە بوو کە نەتەوە و مرۆڤی کۆن کەڵەکەی کردبوون و کۆی کردبوونەوە. تەواوی ئەم گەڕانەوە و شیاوکردنە مەبەستی ئەوە بوو بۆ جیهان وەک سەرۆکی پێشوو وڵسەی لەم وشانەدا دەریبڕی، شارستانی کۆن گەنجینەی تێدا بوو کە بەهای بەردەوامی هەبوو کە جیهان بۆی نەکرا بیهێڵێتەوە، چونکە جیهان ناتوانێت و نایەوێت هەرگیز بیهێڵێتەوە. ئەمانە چوونە شادەماری ژیانەوە و لە سەلماندنیدا بۆ پێشکەوتنی کولتوور یارمەتی ڕاستەقینانەیان دا کە لەیەک شتدا کۆی کردنەوە لە جوانی و ڕاستی هەموو سەردەمەکاندا.

چاکسازی لەپەروەردەدا کرد

زیندووبوونەوە هیومانیستییەکە شۆڕشی بەرپاکرد لە بواری پەروەردەدا. لە ماوەی چاخەکانی ناوەڕاستدا زمانی لاتینی داڕماو بووە جاڕگۆنێکی بەربەری، هەروەها زمانی یۆنانی لەبیرکراو فەلسەفەی ئەریستۆی بەلاڕێدا برد. سەبارەت بە ئەفلاتوونیش، بیریارەکانی چاخەکانی ناوەڕاست ئاگایان لێ نەبوو. ئێستا کە هیومانیزم زمانی ڕەوانی لاتینی گەڕاندەوە بۆ جیهان و سەرلەنوێ زمانی یۆنانیشی دۆزییەوە و ئەو کارە کلاسیکییە کۆنانەی کە وەک میراتێک بۆ ماوەیەک ڕەت کرانەوە و سەرلەنوێ دۆزییەوە کە تێیدا فەلسەفەی ئەفلاتوونی هەبوو کە هێزی بەرزکردنەوە و وزە بەخشی بیری مۆدێرن بوو.

قوتابخانە و زانکۆکان بەدەر نەبوون لە کاریگەری ئەم زیندووکردنەوە هیومانیستیانە. جێگا بۆ زمان و ئەدەبی یۆنانی و لاتینی نەک بە تەنیا لە زانکۆ نوێیەکاندا کە دامەزران لەژێر کاریگەری سرووش بەخشی مەعریفەی

نوێ، بەڵکوو لە زانکۆ کۆنەکانیشدا دانرا. میتودی سکۆلاری و ڕێنماییەکان کە لەپاشدا باسی دەکەین بە شێوەیەکی قۆناغ بە قۆناغی سیستمی کلاسیکی پەروەردە جێگەی گرتەوە کە هەژموون بوو لەسەر قوتابخانە و زانکۆکانی جیهان تا هاتنی دیراسە زانستییەکانی ڕۆژگاری ئێستا.

ڕێگەی بە پەرەسەندنی ئەدەبی خۆماڵی دا

زیندووبوونەوەی کلاسیک گەنجینەی دوو ئەدەبی بەرزی گەورەی بەخشییە جیهان، هەروەها شاکاری نووسەرە کۆنەکانی بەخشییە سکۆلارەکانی ئەورووپا لەگەڵ زۆر لە بابەتی نوێ و مۆدێلی بێ خەوشی چێژ و حوکمی ئەدەبی کە جیهان تا ئەوکاتە بەرهەمی نەهێنابوو. کاریگەری ئەمەش لە ڕاستکردنەوەی زیادەڕۆییەکانی خەیاڵی چاخەکانی ناوەڕاست و لە دروستکردنی ئایدیالی ئەدەبی ڕاستدا دەکرێت لە ئەدەبی ڕەسەنی ئیتاڵیا و فەڕەنسا و ئیسپانیا و ئینگلتەرادا ببینرێت.

ڕاستییەکەی شیاوە بڵێین کە ئەو سەرنجەی درابوو لەکاری کلاسیکی کۆن و ئەو بەکارهێنانە پەسەندکراوەی لای زۆر لە نووسەرەکان لەکات و کۆتایی چاخەکانی ناوەڕاست و سەرەتاکانی ماوەی مۆدێرنی لاتینی وەک زمانی ئەدەب پەرەسەندنی ئاسایی ئەدەبی خۆماڵی نەتەوە ئەورووپاییەکانی هێواش کردەوە، (هەندێک لە کارە ئەدەبییە هەرە باشەکانی ئەو ماوەیە بەلاتینی نووسرابوون بۆ نموونە و سەلماندنیش کارەکانی Colloanieی ئیراسموس و بۆتاپیاش مۆرن).

بۆ ئیتاڵیاش ڕاستە کە ئەو ئەدەبە خۆماڵییەی هاتبووە ئاراوە بەڵێنێکی گەورەی وەک لای دانتێ و پێترارک و بۆکاسیۆ هەبوون کە ماوەی سەدەیەک فەرامۆش کرابوون، بەڵام لە ئەورووپای سەرووی چیای ئەڵپ، بێجگە لە ئەڵمانیا کە لەوێ زمانی لاتینی بە تەواوی جێگەی ئەدەبی خۆماڵی گرتبووەوە، دیراسەی زیندووبوونەوەی کارە کلاسیکییەکان هەمان کاریگەری گەورەی نەبوو کە لە ئیتاڵیا هەیبوو، بەپێچەوانەوە وەک ئێستا وتمان کاریگەری هیومانیزم لەسەر ئەدەبی ئەورووپا، بێجگە لە چەند هەڵاوێردێک، بۆ ئەوەبوو دەوڵەمەند و بێ خەوشیان بکات.

زانستی ئەرکیۆلۆژی و ڕەخنەی مێژوویی خولقاند

زۆربەی زانستەکان لە سەرەتای دروستبووندا بوون لە ڕێنیسانسدا. بۆ زانستی ئارکیۆلۆژیش هەروایە کە خاوەنی سەرنج لێدانی تایبەتییە لای قوتابی مێژوو کە دەکرێت بەڕاستی بوترێت کە لە زیندووبوونەوەی کارە کلاسیکییەکاندا لەدایک بووبێت. ئەوەندە نییە کە تێبینی ئەو هەستەمان کرد بۆ میراتی لەمێژە کە ڕوحی مرۆڤی سەردەمی ڕێنیسانسی هەژاند.

لەلای سکۆلارە ئیتاڵییەکان دارماوەکانی ئیتاڵیا یەکەم بابەتی فزووڵی و پەرۆشی ئارکیۆلۆژیانە بوون. لە سەدەی پازدەمەوە تا ئەمڕۆ بایەخدان بە مۆنیۆمێنت و کارە دەستییەکانی سەدەکانی ڕابوردووی شارستانی بەبەردەوامی فراوان و قووڵ بوونەتەوە و دەستپێشخەری لەزۆر دۆزینەوە کردووە نەک بە تەنیا لە ڕووی کلاسیکی بوونەوە، بەڵکوو بۆ نموونە لە ناوخاکی هێبر و ئاشوورییەکان و میسرییەکاندا ئەو دۆزینەوانەی سەبارەت بە چیرۆکی ڕەگەزی مرۆڤ بۆ ماوەیەکی

زۆر لـە مێـژەی دوور سـەرەتایەکی تـەواو نوێـی بەخشـییە مێـژوو.

ئـەوەی سـەبارەت بـە زانسـتی ئارکیۆلـۆژی ڕاسـتە، بـە هەمـان شـێوە سـەبارەت بـە ڕەخنـەی مێژوویی ڕاسـتە. بینیمـان کـە ئـەو ڕوحـەی لـە ڕێنیسانسـدا بەئاگاهاتـەوە، ڕوحێکـی پرسـیارکەر و ڕەخنەگـر بـوو کـە زۆر لـە ڕوحـی سـاویلکەی چاخەکانـی ناوەڕاسـت جیـاواز بـوو کـە ئامادەبـوو هەرچـی ترادیسـۆنێکی وێنەیـی، یان چیرۆکێکـی نامۆ هەیـە بەبێ لێکۆڵینەوە لەسـەرچاوەی ڕاسـت بوونەکـەی قبـوڵ بـکات. ئەمـە ئـەو ڕوحـە بـوو کـە لەنـاو پێتراركـدا هەژێنـرا، دەبینیـن بـەراورد دەکات و ڕەخنـە لـە نووسـەرە کلاسـیکییەکان دەگرێـت و بـە تەنیـا دوای ئەوانـە دەکەوێـت کـە هـۆی هەیـە بـۆ باوەڕهێنـان بـەوەی کـە شـایەنی ئـەو دواکەوتنـەن.

بـەڵام دامەزرێنـەری ڕاسـتەقینەی زانسـتی ڕەخنـەی مێژوویی لاورێنتیـۆس ڤالا بـوو (١٤٠٧-١٤٥٧). دەسـتکەوتی گەورەی وەک ڕەخنەگرێک ڕوونکردنـەوە بـوو لـە ڕووی فیلۆلۆجـی و مێژوویـیەوە، سـەبارەت بەکارەکتـەری ناڕەسـەنی کتێبـی Donation of Constantine بـوو، هەروەهـا شـیکاری دەسـتەڵاتی لیڤـی کـرد و ئـەو کارەکتـەری پاڵنـەری ئـەو نامـە گۆڕینـەوەی نێـوان سـێنیکا و ئەپۆسـتڵ پـۆل بـوو.

دەسـتکەوتەکانی ڤـالا لـە ڕەخنـەی مێژوویـیدا دەرکەوتن. لێرەدا ڕەخنەی بێژەرەوە و هەڵسەنگاندنی سـەرچاوە مێژوویـیەکان دەسـتی پێ کـرد کـە بـووە ئەنجامـی ڕەتکردنـەوە و لێ سـەندنەوەی متمانـە لـە هـەزاران ئەفسـانە و خورافـە کـە پێشـتر دانرابـوون وەک بابەتـی مێژوویـی نەشـیاو بـۆ دەسـت لێدان و ڕەخنەگرتـن، هەروەهـا بوونـە ئەنجامـی سـەرلەنوێ دروسـتکردنەوەی مێژووی ڕۆژهەڵات و کلاسـیکی و چاخەکانـی ناوەڕاسـت.

کاریگەری لەسەر ڕیفۆرمی ئایینی دانا

بزووتنـەوەی هیومانیسـتی، وەک پێشـتر تێبینیمـان کـرد، کاتێـک چیاکانـی ئەڵپـی بـڕی و خۆی کـردە کارەکتەرێکـی نـوێ لەنـاو نەتەوەکانـی باکـووردا، ئـەوە ڕابـوردووی هیبـرۆ بـوو نـەک ڕابـوردووی یۆنـان و ڕۆمانییـەکان کـە جێگـەی سـەرنجی سـکۆلارەکان بـوون لـە باکـوور. ئینجیـل، کـە دەزگاکانـی چاپکـردن چاپیـان دەکـرد بـە زمانـی هیبـرۆ و یۆنانـی ڕەسـەن، هەروەهـا بـە زمانـە خۆماڵییەکانیـش، بووە بابەتـی دیراسـەکردنێکی پەرۆشـانە و تەفسـیری نـوێ. لـە عاقیبەتـدا، ئـەوەی کـە لـە باشـوور زیندووکردنـەوەی ئـەدەب و هونـەری کلاسـیک بـوو، بـووە زیندووکردنـەوەی مەسـیحییەتی سـەرەتایی لـە باکـووری زۆر جیـددی و هەسـتیاردا. هیومانیسـت بـوو بـە ڕیفۆرمخـواز. ڕیۆچلیـن و ئێراسـموس و هیومانیسـتەکانی تری باکـوور بانگەوازخـوازی ڕاسـتەقینەی شۆڕشـی گـەورەی ئایینـی بـوون لەسـەدەی شـازدەمیندا.

سەرچاوە:

www.shsu.edu